کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
25-1-2007 18:17 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بۆ سکرتێری گشتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، بەرێز عەبدوڵرەحمان حاجی ئەحمەدی

بۆ کۆردیناسیۆن و بەرپرسانی پژاک
بۆ سەر جەم کادر و ئەندامانی تێکۆشەری پژاک



هەر وەک دەزانرێ، کاتێک کە مرۆڤێک دەبێت بە ئەندامی حیزبێک، ئەوا دەبێ پێبەند بە چوارچێوەی کار و خەبات و پرەنسیبی ئەم حیزبەش بێت و لە هەمان کاتیشدا لە زۆر بوار و هەڵسوکەوتیشیەوە سنوردار دەبێت و دیارە کە ئەمەش بابەتێکی زۆر ئاسایی و مافی هەموو حیزبێکە کە بیهێوێت ئەندام و کادرەکانی بە پێی پرەنسیبی حیزبەکەی هەڵسوکەوت بکات و ئەندامەکانی سنووردار بکات، بەڵام بە هۆی ئەوەیکە چیتر ناتوانم لە لە چوارچێوەیەکی دیاری کراو و سنوردار و لە بۆ یەک حیزبێکی کوردی تایبەتیدا، درێژە بە کار و هەوڵدانم لە مەڕ ئەرکی نەتەوەیی کورد بوونم دا بدەم، بە پێشکێش کردنی ئەم نوسراوەیە، کشانەوەی خۆم لە ئەندامیەتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) بە فەرمی ڕادەگەیەنم و هەڵبەت دیارە جییابوونەوەم لە پژاک بە واتای بڕینی پێوەندی تەواوم لە گەڵ پژاک نییە و وەک مرۆڤێکی کورد و بە بییر و ڕایەکی نەتەوەیی و بە دوور لە سنووری هیچ حیزبێکیتری کوردی دا، دۆست و لاینگری پژاک دەمێنمەوە.
لە تەک پێشکێش کردنی ڕێز و حورمەتی بێ پایانم

شەمزین جیهانی
ڕێکەوتی 23/01/2007


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.